# قوتابیان لە نێوان رادیکالان و ریفۆرمخوازاندا

**نەریمان مۆریاسی**

بابەم پرسیارەوە دەست پێبکەین باڵی قوتابیانی ئێران ببنە هێزی یەکلاکەرەوەی ململانێی نێوان رادیکالان و ریفۆرمخوازان ؟یەکێك لەو دروشمانەی کە قوتابیانی زانکۆکانی تاران رۆژی شەممەی رابردوو لە شەقامەکاندا دەیانووەتەوە (ئیتسعفاکردنی محەمەد خاتەمی) بوو لە پۆستی سەرۆکایەتی ئێران، ئەمەش نیشانەی قۆناغێکی نوێی مێژووی پرۆسەی تەجەدوودوو تەمەدوونەکەی ئێرانە کە لە ناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە گورجوگۆڵ بوو دواتریش بەهاتنی محەمەد خاتەمی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئێران ئەو ئیعتیرازاتانە ئاراستەیەکی رێکوپێك تری وەرگرت، داوای ئەو قوتابیانە سەیر نەدەبوو گەر ئەو دروشمە لەلایەنگرانی باڵی رادیکاڵەوە بوایە بەلام ئەو قوتابی و جەوانانەی ئەو دروشمەیان بەرزکردۆتەوە ئەوانەن کە خۆیان بە لایەنگری ریفۆرم و دیموکراتی دەزانن و دروشمی دیموکراتیزە کردنی ئێرانیان بەرزکردۆتەوە، نارەزایی ئەمجارەی قوتابیانی تاران لەوەکەی ساڵی 1999 کاریگەرترە لەسەر دەوڵەت چونکە ئەو ئیعتیرازانەی قوتابیان لە ساڵی 1999 دا هێشتالەژێر سێبەری ریفۆرمخوازان و محەمەد خاتەمی رابەریدا مابۆوە بەلام ئەوی جێی سەرنجەو نوێیە خۆنیشاندانی ئەمجارەی قوتابیان کە داوای دیموکراتییەت دەکەن واپێدەچێت زیاتر سەربەخۆبن و بەرەو ئەوبچن کە ببنە بزافێکی سەربەخۆ چونکە لە دروشمەکانیاندا لە دژی محەمەد خاتەمیش وەستاونەتەوە جگەلەوەش نووسینگەی تەعزیزی وەحدەی قوتابیان رایگەیاند کە ئەوان لە ئیئتیلافی پارتە ریفۆرمخوازەکان هاتوونەتە دەرەوە (مەبەست دووی خورداده) ، ئاخۆ ئەم رەوشە نیشانەی قەیرانی باڵی ریفۆرمخوازانە یان بەڵگەی سەرنەکەوتنی محەمەد خاتەمییە لە تێرکردنی داوای ریفۆرمتەلەبان، لەدوای ئەو بزافە نارەزاییەی قوتابی و گەنجە دیموکراتخوازەکانی ئێران ئایا رەوتی ریفۆرمیستی ناچار دەبێت بەدوای رابەری نوێ و کایەی نویدا بگەرێت، رابەرو کایەیەك کە لە دەرەوەری دەزگا رەسمییەکانی دەسەلاتی دەوڵەتدا بن نەك وەك ئێستا کە محەمەد خاتەمی رابەری باڵی ریفۆرمخواز پۆستی سەرۆکایەتی بەدەستەوبەشێکە لە دەسەلات بەلام دەزگا ئاینی و دەستورییەکانی دەوڵەت بەچەندین کۆتی شەرعی و دەستوری بەستویانەتەوەو رێگەیەکی زۆر تەسکیان بۆ جموجۆڵی ئەو هێشتۆتەوە تا لێیەوە داواو دروشمە ریفۆرمخوازانەکانی جێبەجێ بکات، هەربۆیە لە ئایندەشدا بزافی ریفۆرمخوازی رەوتێکی ئۆپۆزیسیۆنی دەروەەی دەسەلات بێت باشتر دەتوانێت داواو دروشمەکانی جێبەجێ بکات، و لەسە ربریاری سیاسی کاریگەربێت چونکە ئەزموونی چەند سالەی خاتەمی بۆ جێبەجێ کردنی ریفۆرمە سیاسی و جفاکی و فەرهەنگییەکان لە ناوەوەی دەسەلاتەوە سەلماندی کە ئەو پرۆسەیە ئاسان نییە، لە راستی دا محەمەد خاتەمی ئەو رەوتە ریفۆرمخوازو مۆدێرنخوازو تەمەدوونتەڵەبییەی نەهێنا بەڵکو خاتەمی دەرهاویشتەی رەوتێکی ئیسلاحی بوو کە لە دوای برانەوەی جەنگی هەشت ساڵەوە لە 1988 ەوە زەمینەکانی چەکەرەیان کردبوو، هەرچەندە لەو سەرەتایەدا دەسەلاتدارنی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدا بون ئەو ئیسلاح خوازی و کرانەوەیە تەنیا بواری ئابوری و بوژانەوە و بونیاتنانەوەی ئێرانی لێبکەوێتەوە، رەنگبێ لە خەباڵی ئەوانەوە دوریش نەبووبێت کە رۆژێك دادێت ئەو ریفۆرمخوازییە زەمینەی سیاسیش دەگرێتەوە، بەلام ئەوان لە بەرگرتن لە رەوتێکی لەو جۆرە زیاتر پشتیان بە گوتارە ئاینییەکەی کۆماری ئیسلامی بەستبوو، کە بەردەوام لە رێگەی دەزگا ئاینی و دەوڵەتییەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکراو جەماوەریان پێ رێکدەخست، بەلام رووداوەکانی سالانی پاش 1991 لە ناوچەکەوە جیهان ئیدی بواری بۆ ئەوە نەهێللایەوە کە کرانەوە بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگە نەگرێتەوە، هەربۆیە ئیسلاحی سیاسی و جفاکی بوونە داوایەکی سەرەکی گرووپەکانی گووشار لە ئێرانداو لە پێش هەموویانەوە قوتابیان و دواتر رۆشنبیران و لە دوا ویستگەشدا لەسەر ئاستی سیاسی محەمەد خاتەمیش وەکو رەهبەری ئیسلاح تەلەبان دەرکەوت، ئەوەش لەو ساتەوەختەدا بوو کە دەسەلاتدارنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرانبەرداواکاری ئیسلاحخوازاندا ئیدی بۆیان نەدەکرا گوێی خۆیان دابخەن، لەوێوە لەسەر گۆرەپانی سیاسی ئێراندا دوو باڵی دیارو سەرەکی دەرکەوتن باڵێکی رادیکاڵی کە بە حوکمی پۆستە ئاینی و سیاسییەکەی باڵێکی بەدەسەلات بوو ئایەتولا خامەنەئی رابەرایەتی دەکردو باڵێکی ئیسلاحتەڵەب کە محەمەد خاتەمی سەرۆکایەتی دەکردو بەبێ بوونی هیچ رێکەوتنێکی پێشوەختە لەماوەیەکی کەمدا بە هەزارن کەس لە رۆشنبیران و جەوانان و قوتابیان بوونە هەڵگری دروشمەکانی، هەرلە سەرتاشەوە وادەهاتە پێش چاوو کە باڵی ریفۆرمخواز بە ئاسانی بووە خاوەنی جەماوەرێکی

تەجەدوود خواز کە دەمێك بوو لە دووی رابەرایەتییەك دەگەراو لە کۆمەڵگەی سیاسی ئێراندا بوونی نەبوو ئەویش بەهۆی بالادەستێتی باڵی رادیکاڵەوە، کەواتە دەکرێت بڵێین دیارترین کێشەی باڵی ریفۆرمخواز نەبوونی سەرکردایەتی بووە، ئێستاش کە قوتابیە خۆنیشاندەرەکان داوای ئیستیعفایکردنی خاتەمی دەکەن بەو هۆیەوەیە کە خاتمی نەیتوانیوە داواو دروشمەکانی ریفۆرمخوازان بهێنێتەدی، مەزنترین گرفتی محەمەد خاتەمی لەوێوە دەستی پێکرد کە ئەو وەکو نوێنەرو رابەری ریفۆرمخوازان پۆستی سەرۆکایەتی وەرگرت و بووە بەشێك لە دەزگای دەوڵەتی واتە بوونی خاتەمی بەبەشێك لە دەسەلاتی رەسمی دەوڵەت یەکەمین کۆت بوو کەکرایە پێی بزافی ریفۆرمخوازی لە ئێران، چونکە بەوکارە خاتەمی و ریفۆرمخوازان راستەوخۆ لەگەڵ ئەو دەزگا موحافەزەخوازانەی دەوڵەتدا رووبەروو بوونەوە کەبە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی پاراستنی سیستمی (ویلایەتی فەقێ) دان، هەربۆیە بزافی ریفۆرمخواز لە ئێراندا دەبوایە لە نێوان خۆیان و دەسەلاتی رەسمیدا پەراوێزێکیان بۆخۆیان بهێشتایەتەوە، هەربۆیە ئێستا بوونی خاتەمی وەکو رابەری ریفۆرمخوازانیش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئێستا دەکرێت پرسیاری ئەوە بکەین ئاخۆ محەمەد خاتەمی رابەری کێ بووەو نوێنەرایەتی دەسەلاتی باڵی رادیکاڵی کردووە یان باڵی ریفۆرمخوازان، ئایا خاتەمی نوێنەرایەتی ئەو رێگە سێیەمیەی نەکردووە کە دەکرێت لە نێوان رادیکالان و ریفۆرمخوازاندا دروست بکرێتەوە، خۆ دەشکرێت بڵێین خاتەمی نوێنەرایەتی ریفۆرمخوازانی کردوە بەلام دەسەلاتی رایدکالان و بەهێزی ئەوان لە ناو دەزگا ئاینی و دەوڵەتییەکان وایان کرد کە محەمەد خاتەمی سەرەرای بەرێوەبردنی پۆستی سەرۆکایەتیش بەلام نەتوانێت ریفۆرمە سیاسی و جفاکی و فەرهەنگییەکان بە جۆرێك بهێنێتە دی کە جێی هیوای ئەو هەزاران قوتابی و لاوانە بن کە سەر شەقامەکانی تاران بەرنادەن، هەموو ئەمانەش لەکاتێکدان کە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق کۆتایی هاتوەو تەنانەت دەسەلاتدارنی تارانیش زۆرجار دووپات لەوە دەکەنەوە کە رەنگبێ پرپشکی ئەو گۆرانکارییە مەزنەی ناوچەکە بەرئەوانیش بکەوێت.

nmoryasi@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.